# ئاگرێك بكەیتەوە

نووسینی جاك گریفس لندن

پ.ی.د. محمد عزیز سعید لە ئینگلیزیەوە وەری گێڕاوە

كۆلێژی پەروەردەی بنەڕەت ، زانكۆی سەلاحەددین – هەولێر



ALTHOUGH HIS FINGERS WERE NOW QUITE STIFF, HE DID NOT HURRY.

ڕۆژێکی سارد و ڕەنگ رصاصی، پیاوەکە لە ڕێگا سەرەکیەکەی بۆکۆن لایدا . سەرکەوتە سەرگردەکە، توولە ڕێگایەکی باریك بەرەو ڕۆژهەلاَت بەناو دارستانی دار سنەوبەرەکاندا درێژ بوو بووەوە. گردێکی بەرز. لەسەر گردەکە وەستاو هەناسەیەکی هەڵکێشا، تەماشایەکی سەعاتەکەی کرد. کاتژمێر نۆی سەر لەبەیانی بوو. خۆر بەدەرەوە نەبوو ، هەرچەندە ئاسمان هەور نەبوو، هیچ هیوایەکی بەدەرکەوتنی خۆر نەبوو.

ڕۆژێکی ڕوون و سایەقە، بەلاَم تاریکاییەکی باس لێوەنەکرێ ، لەسەر ڕووی شتەکان دیار بوو. چونکە خۆر بەدەرەوە نەبوو. پیاوەکە بە دەرنەکەوتنی خۆر هیچ نیگەران نەبوو، چەند ڕۆژێکە خۆری لە ئاسمان نەبینیوە.

پیاوەکە لەسەر گردەکە وەستاو ئاوڕێکی دایەوە ، ڕێگا باریکەکەی بر{یویەتی دی. دەشتی بۆکۆن ، نزیکەی یەك کیلۆمەترو نیو فراوانە و لەژێر ئەستووری یەك مەتر بەستەڵەك دایە. لەسەر بەستەڵەکەکە ، چەند مەترێك بەفر کەوتووە. بەفرێکی سپی و بێگەرد. ڕووەو باکوور و باشوور، ئەوەندەی چاو بڕی دەکات، بەفر دای پۆشیبوو. سپیەکی سەرانسەری. تاکە شت ئەم سپیە فراوانەی دابڕی بوو، هێڵێکی تاریکی چەماوە، لە دوورگەی داپۆشراو بە دارستانی سنەوبەر تاوەکوو باشوور ، سووڕاوەتەوە بەرەو باکوور لەوێوە بە دوورگەیەکی تری دارستانی سنەوبەر کۆتایی دێت. ئەم هێڵە تاریکە بریتی بوو لە ڕێگاکە ، ڕێگای سەرەکی. بەرەو باشوور تاوەکوو چیل کووت، ڕووباری سوێر، نزیکەی 800

کیلۆمەتر درێژ. بەرەو باکوور ، تاوەکوو داوسۆن ، نزیکەی 120 کیلۆمەتر. لەوێوە زیاتر بەرەو باکوور تاوەکوو نیولاتۆ، نزیکەی 1600 کیلۆمەتر . لە سانت مێشێل ، بە ڕووباری بێرینگ کۆتایی دێت، بە درێژایی 2600 کیلۆمەتر. ئەمە هەمووی – ڕێگا درێژەکەیە، خۆر لە ئاسمان نیە. سەرمایەکی سەخت، هەمووی نەزانراو بوون، بەڵام هیچ کاریگەریان لەسەر پیاوەکە نەبوو، هۆکارەکەی شارەزایی نەبوو ، . یەکەم جاری بوو هاتۆتە ئەم ناوچەیە ، یەکەم زستانی بوو.

تاکە کێشەی هەست پێ نەکردن بوو، کابرایەکی ئامادە و لەسەر شتەکان خێرا، تەنها دەربارەی شتەکان، هیچ زانیاری ماناکانی نەبوو. پەنجا پلەك لە ژێر سفر، مانای هەشتا پلەك بەستەڵەکە. ئەمەش مانای سەرما و ناخۆش گوزاری دە بەخشێ ، ئەوە هەموویەتی. ئەوەش نەبووە ئەوەی کە ئەو بەندەیەکی لاوازە و سەرما کاری لێدەکات. بیری لە لاوازی گشتی مەردم نەدەکردەوە، کەتەنها دەتوانێ لە بڕێکی دیاری کراوی سەرما و گەرمادا بژی. نەبووە ئەوەی بیر لە بەهەشت و گووزەرانی پیاو بکاتەوە.

پەنجا پلەکی ژێر سفر، مانای دەستەوانەی باش، گوێ داپۆشی باش، پێڵاوی گەرم و گۆرەوی ئەستور. پەنجا پلەك ژێر سفر تەنها پەنجا پلەك ژێر سفرە، تەنها بیرێك بوو نەدەچووە ناو مێشکی.

ڕووی وەرگێڕا بڕوات. وەکوو تاقیکردنەوەیەك، تفی هەڵدا بەرەو ئاسمان، دەنگێکی چاوەڕوان نەکراوی لێوە هات. چەند جارێکی تر دووبارەی کردەوە،

دیتی تفەکەی یەکسەر دەبێ بە سەهۆڵ و ئەم دەنگەی لێوە دێت. زانی پەنجا پلەك ژێر سفر تفەکەی دەکات بە سەهۆڵ و کاتێك بەر بەفری زەوی دەکەوێ ئەم دەنگەی لێوە دێت. بێگوومان پلەی گەرمی لە پەنجا پلەك ژێر سف کەمتر بوو، بەڵام نەی دەزانی چەند کەمترە، ئەمەش گرنگ نەبوو.

بەرەو کەمپە کۆنکەی ڕووباری هەندرسن ڕێی گرتەبەر، کوڕەکان پێش ئەو پیاوە گەیشتونەتە ئەوێ. چیاکانی ناوچەی ڕووباری هیندیان بڕیووە. بیری لە پارچە دارێك دەکردەوە سەر ئاو بکەوێ، بەکاری بهێنی بۆ چوونە خوارەوە، لە دوورگەکانەوە بەرەو بۆکۆن بە ناو ڕووبارەکەدا، ئەگەر بەستەڵەکەکە تواببێتەوە.

کاتژمێر شەشی ئێوارە دەگاتە کەمپەکە. شەو بەسەردا دێت بەڵام کێشە نیە، کوڕەکان گەیشتونەتە کەمپەکە. ئاگریان کردبێتەوە و خواردنێکی گەرمیان بۆ شێوان ئامادە کردبێ. بیری لە خواردنی نیوەڕۆ کردەوە. دەستی برد بۆ پاکەتە خواردنەکەی ناو گیرفانی. لە ژێر کراسەکەی بە دەستەسڕ پێچابوویەوە. بۆ ئەوەی بە گەرمی پێستی جەستەی خواردنەکە گەرم بمێنێتەوە. ئەگەر نا ، ئەوا نانەکە دەی بەستێ و ڕەق دەبێت. بەخۆی پێ دەکەنی کەوا بیر لەم پارچە نانانە دەکاتەوە، هەرپارچە نانێك پارچە گۆشتێکی برژاوی تێدایە.

بەناو دارستانی دار سنەوبەرە گەورەکەدا ڕۆیشت. تووڵە ڕێگاکە باش دیار نەبوو. چەند سانتیمەترێك بەفر لەسەر ڕێگای پێڵاوە خشۆکەکەی یەکێکیان باریبوو. خۆی بە بەختەوەر دەزانی پێڵاوی خشۆکی نیە. لەڕاستیدا هیچی لەگەڵ خۆی

هەڵ نەگرتبوو، جگە لەو پاکەتە گۆشتەی بەدەستەسڕ دای پۆشیبوو لەسەر پێستی دای نابوو. سەرما سەری سووڕماندبوو، هەوڵی دا بە دەستەوانەکەی لووت و دەم و چاوی داپپۆشێ. دەم و چاوی مووی لێ هاتبوو بەڵام مووەکان توانای پاراستنی دەم و چاوی لەو سەهۆڵ بەندانە نەبوو. سەگێکی خۆوڵاتی لە پشتیەوە دەڕۆیشت، لووتی نابووە نزیک پاژنەی پێی پیاوەکە. سەگوورگ بوو. ڕەنگی رصاصی و زۆر جیاوازی نەبوو لەگەڵ گوورگی ڕاستەقینە. سەگەکە زۆر سەرمای بوو، دەیزانی ئێستا کاتی سەفەرکردن نیە. هەستی سەگەکە زیاتر لە ڕاستیەکانەوە نزیک بوو لەوەی بریاری پیاوەکە.

لەڕاستیدا، هەوا لە پەنجا پلەی ژێر سفر ساردتر بوو، ساردتر لە شەست پلەی ژێر سفر، ساردتر لە حەفتا پلەی ژێر سفر، حەفتاو پێنج پلەك لە ژێر سفر بوو، چونکە خاڵی بەستن سی و دوو پلە لە سەروو سفرەوەیە. ئەمەش مانای سەدوو حەوت پلە بەستەڵەکە. سەگەکە هیچی لەبارەی پلەی گەرمی نەدەزانی . لەوانەیە هیچ تێگەیشتنێك دەربارەی دۆخی ساردی لە مێشکی سەگەکەدا نەبێت، وەکوو ئەوەی لە مێشکی پیاوەکەدایە. بەڵام سەگەکە هەستی ترسناکی دۆخەکەی دەکرد.

ترسی سەگەکە چاوی لە هەموو جووڵەیەکی پیاوەکە بڕیبوو. پێشبینی دەکرد بچن بۆ کەمپەکە یان شوێنێك بدۆزێتەوە خۆی تێدا بپارێزێ، ئاگرێك بکاتەوە. سەگەکە فێری ئاگردان بوو بوو، دەیویست ئاگر بکەنەوە. ئەگەر نا ، ئەوا بەفر

هەڵەکۆڵێ و دەچێتە ناوی بۆ خۆ پاراستن لەم سەرمایە. شێی هەناسەی بەستبووی و بە فەرووی پێستیەوە نووسابوو، هەروەکوو پاوەری سپی بەستەڵەك.

تووکی سەری پیاوەکە، زۆر ڕەقتر بەستبووی، وەکوو شێوەی سەهۆڵی لێهاتبوو. لەگەڵ هەموو هەناسەیەکی، زیاتر دەبوو. جگەرەی پایپ لەدەمی دابوو، لێوەکانی وا ڕەق بووبوو ، نەی دەتوانی تف فڕێ بدات. دەرئەنجامەکەی تولە سەهۆڵێکی زەردی درێژ بە لێوەکانی دا شۆڕ بووبوەوە. ئەگەر بەر ببێتەوە ، وەکوو شووشە دەشکێ و پارچە پارچە دەبێت. وای دەزانی شیلەی تووتنەکە دووجار هاتۆتە دەرەوە و بووە بە چلوورە.

بەردەوام بۆ ماوەی چەند کاتژمێرێك ، لە تەنیشت دارستانەکە رۆیشت. شۆڕ بووەوە خوارەوەی گردەکە، بۆ نزیك جۆگەلەیەکی بەستەڵەك. ڕووباری هەندرسن. زانی کە شازدە کیلۆمەتر لە خوار دابەش بوونی جۆگەلەکەیە. تەماشای سەعاتەکەی کرد. کاتژمێر دەی سەر لەبەیانی بوو. بە خێرایی زیاتر لە شەش کیلۆمەتر لە کاتژمێرێك دا دەڕۆیشت. بەمەزەندەی خۆی، کاتژمێر دوازدەو نیو ، دەگاتە شوێنی دابەش بوونی جۆگەلەکان. بریاری دا کە گەیشتە ئەوێ، خواردنەکەی بخوات.

سەگەکە لە پشت پاژنەی پێی پیاوەکە دەڕۆیشت. کلکی شۆڕ کردبوەوە. پیاوەکە لەگەڵ جۆگەلە بەستەڵەکەکە دەڕۆیشت. ڕێڕەوی ڕێگا خشۆکە کۆنەکەی بەدی

دەکرد. زیاتر لە چوار مەتر بەفر ڕێگاکەی داپۆشیبوو. زیاتر لە مانگێك دەبێ ، کەس بەو ڕێگایەدا هاتووچۆی نەکردووە. پیاوەکە لە سەرەخۆ، هەنگاوی بەرەو پێش دەنا. زۆر توانای بیر کردنەوەی نەمابوو. ئەوەی بیری لێدەکردەوە ئەوەبوو لە شوێنی دابەش بوونی جۆگەلەکە ، خوارنەکەی دەخوات و کاتژمێر شەش لە کەمپ لەلای کوڕەکان دەبێت. کەس نەبوو قسەی لەگەڵدا بکات، ڕەق بوونی لێوەکانی توانای قسەکردنی نەهێشتبوو.

جارێك بیری کردەوە، کەوا ئێرە زۆر ساردە و لە ژیانی دا سەرمای وای نەبینیوە. لە کاتی ڕۆیشتنیدا، بە بێ بیرکردنەوە، بەپشتی دەستە وانەکەی، هەر جارەی بە دەستێکی ، دەم و چاو و لوتی دەسڕیەوە. لە گەڵ ئەم هەموو سڕینەوەش، بۆ ساتێك هەستی کرد، ئیفلیج بووە. دەم و چاوی بەستبووی. زانی کە دەبوو لوت پارێزەریشی ببستبایە و هەموو دەم چاوی دادەپۆشی. لەبەر خۆیەوە گوتی، کێشە نیە، پێویست ناکات. بەستەڵەکی کەم، لە گەڵ تۆزێ ئازار، کێشە نابێت.

هەستی دەکرد، بیرو هۆشی ، بەتاڵ بووە. تێبینی گۆڕانی ڕوبارەکەی کرد. لوول بووە و پێچاو پێچ ڕۆیشتووە. بەردەوام ، بە ئاگاوە ، پێی دادەنا. گەیشتە شوێنی سووڕانەوەی جۆگەلەکە، بەرەو لایەك ڕۆیشت وەکوو ئەسپێکی ترساو. لەو شوێنەی پێی دا دەڕۆیشت ، سوڕایەوە. چەند هەنگاوێك ، پێیەکانی بە دوای خۆیدا ڕادەکێشا.

زانی ڕوبارەکە تاوەکوو بنی بەستوویەتی. هیچ ڕوبارێك لەم زستانەدا ئاوی تێدانیە. دەیزانی کە چەند جۆگەلەیەك هەن لە گردەکە لە ژێر بەفر دێنە دەرەوە سەرچاوەی ئاون یان کانیاون، هەرگیز لەم وەرزە سارده نای بەستێ ، مەترسین بۆی. گۆماوەکان لە ژێر بەفر نادیارن، قوڵیان مەترێك دەبێ. نزیکەی دوو سانتیمەتر ئاوی ئەم کانیاوانە لەسەر ڕوویان بەستوویەتی و بەفر دای پۆشیون. هەندێ جاریش لە سەر شێوەی بەفر و سەهۆڵی تێکەڵاو. ئەگەر پیاو وریای خۆی نەبێت و بکەوێتە ناویان زۆر تەڕ دەبێ.

لەبەر ئەم هۆیە لە ناکاو بازی داو دور کەوتەوە. هەستی بە جوڵانی بەستەڵەکەکە لە ژێر پێیدا کرد. گوێی لە جیڕەی شکانی بەستەڵەکی ژێر بەفرەکە بوو. خۆ ئەگەر لەو سەرمایەدا بکەوێتە ناو یەکێکیان و پێی تەڕ ببێ ، ئەوا کێشە و ترسناکیەکی گەورە دێتە پێشی. بەلایەنی کەم لە گەشتەکەی دوا دەکەوێ، چونکە ئەوکات پێویست دەکات بوەستێ و ئاگر بکاتەوە بۆ ئەوەی خۆی گەرم و پێیەکانی وشك بکاتەوە. پیاوەکە دانیشت و بیری لە بنی ڕوبارەکە و کەناری ڕوبارەکە دەکردەوە. بەمەزەندەی خۆی، ئاوی ڕوبارەکە لەلای ڕاستەوە هاتووە. بۆ ماوەیەك بیری کردەوە، لوت و دەم و چاوی خوراند. بۆلای چەپ ڕۆیشت. بە گرنگی و هەستیارییەوە هەنگاوی دەنا. لەگەڵ هەموو هەنگاوێك بەستەڵەکەکەی دەپشکنی. لەمەترسی دوورکەوتەوە، نزیکەی شەش کیلۆمەتر ڕۆیشت.

له ماوەی دوو سەعاتی داهاتوو چەند جارێك ڕوو بە ڕووی مەترسی بووەوە. وا پێدەچوو بەفری سەر گۆمە ئاوەکان نقوم بوبن. جارێکی تر خەریك بوو لەسەر سەهۆڵەکە بکەوێ. کاتێك هەستی بە مەترسی دەکرد، سەگەکەی پێش خۆی دەخست. سەگەکە نەیدەویست بڕوات. سەگەکە دوودڵ بوو. پیاوەکە بە زۆر بۆ پێشەوە پاڵی بە سەگەکەوە نا. سەگەکە بە خێرایی بە سەر ڕویەکی نەشکاوی سپیدا ڕای کرد.

پیاوەکە لەناکاو کەوتە ناو سەهۆلاۆێکەوە، بەپەلە بازی دایە دەرەوە، بەنەفرەت بێ، بەنەفرەت بێ. زۆر ترسناك بوو، خۆی دانەواند، هەست گەڕایەوە ناو قاچەکەنی. بەڕاستی سارد بوو، وا بەبیری داهات. پیرەمێردەکەی ڕوباری سولفور ڕاستی کرد، کە گوتی هەندێ جار ئەم ناوچەیە زۆر سارد دەبێت. ئەوکات باوەڕی پێ نەکرد و پێی پێکەنی بوو! ئەمەش ئەوە دەگەیەنێ کە پێویستە پیاو زۆر دڵنیا بێ ، لە خۆ بایی نەبێ. هیچ هەڵەیەك نەبوو، بەڕاستی ساردە. چەند هەنکاوێك ڕۆیشت، خۆی هەڵ دەبەزاندەوە، قوڵەکانی ڕادەوەشاند، بۆ ئەوەی هەست بە گەرمییەك بکات. بڕیاری دا ئاگر بکاتەوە. شخارتەکەی لە گیرفاتی دەرهێنا. لە ناو دارستانەکە ، لافاوی ساڵی پار دار و چیلکەداری لە کەنارەکان بەجێ هێشتووە. چیلکەکانی کۆکردەوە، لەسەرەتا ئاگرێکی بچوك، وردە وردە ئاگرەکە تەشەنەی کردو گەورە بوو.

خۆی بەسەر ئاگرەکەدا چەماندەوە، چلوورەکانی دەم و چاوی توانەوە. بە پشت بەستن بە ئاگرەکە، خواردنەکەی خوارد. بۆ ساتێك سەرما ڕەویەوە. سەگەکە بە ئاگرەکە دڵخۆش بوو. لەتەنیشت ئاگرەکە درێژ بوو بوو. ئەوەندە نزیك لە ئاگرەگە، گەرم ببێتەوە و نەسووتێ. پیاوەکە خواردنەکەی تەواو کرد، پایپەکەی دەرهێنا و پڕی کرد لە تووتن و بە ئارامی دەستی کرد بە کێشانی. دەستەوانەکانی کردەوە دەستی و سەرو گوێ پۆشەکەی بەست و بۆلای چەپ بەدرێژایی ڕێگای ڕوبارەکە ڕۆیشت.

سەگەکە پێی ناخۆش بوو بڕۆن و ئاگرەکە بە جێ بهێڵن، هەرتەماشای ئاگرەکەی دەکرد. ئەم پیاوە زانیاری لەسەر سەرما نەبوو. لە وانیە زانیاری پێشبینی کردنی سەرمای نەبووبێ. سەرمایەکی ڕاستەقینەیە. سەگەکە دەیزانی سەرما چیە و چۆنە، پێشینانیش دەیانزانی. سەگەکە دەیزانی لەم سەرمایەدا ، چوونە دەرەوە، کارێکی باش نیە. کاتی ئەوە بوو، لەناو کولانەیەکی بەفردا پاڵبداتەوە و چاوەڕێی نەمانی ئەم سەرمایە بێ.

پەیوەندییەکی بەتین لە نێوان پیاوەکە و سەگگەکە نەبوو. یەکێکیان بەندەی ئەوی تریان بوو. سەگەکە هەوڵی دەدا، هەستی ترسانی نیشان پیاوەکە بدات. بۆ بەرژەوەندی خۆی بوو، تەماشای ئاگرەکە بکات. پیاوەکە بەچرپەیەك لەشێوەی زرنگەی قەمچی قسەی لەگەڵ سەگەکە کرد. سەگەکە هەڵسا و لوتی لەنزیك پاژنەی پێ ی پیاوەکە ملی ڕێگای گرتەبەر.

پیاوەکە زیاتر پایپەکەی کێشا، چلوورەی زەرد لەسەر دەم و چاوی دروست بوو. هەناسە شێ دارەکەی ، ڕیشی سپی کرد. تەماشای دەورو پشتی کرد. وا پێدەچوو، گۆمی کانیاوەکانی ژێر بەفرەکە لەلای چەپی ڕوباری هەندرسن نەبن. بۆ ماوەی نیو کاتژمێر، هیچ نیشانەیەکی بەدی نەکرد. لەناکاو ڕویدا. بە بێ هیچ ئاگادارییەك، پیاوەکە کەوتە ناو گۆماوێك. تاوەکوو ئەژنۆی تەڕ بوو، هاواری لێ هەڵسا و لە گۆماوەکە هاتە دەرەوە، بۆ سەر بەفرەکە.

تووڕە بوو، بەدەنگێکی بەرز ، نەفرەتی لە بەختی خۆی دەکرد. پێویست وابوو کاتژمێر شەشی ئێوارە بگاتە کەمپەکە بۆ لای کوڕەکان، بەڵام ئەم تەڕ بوونە، یەك کاتژمێر دوای دەخات. ئێستا دەبێ ئاگر بکاتەوە، دەستەوانە و گۆرەوییەکانی وشك بکاتەوە. دەیزانی کە لەم پلە نزمەدا ئەوە گرنگترین ئەرکە پێویستە بیکات. سوڕایەوە بۆ کەنارەکەی لێوەی بازیدابوو. لەسەرەوە لەژێر دار سنەوبەرەکان ، کۆمەڵە چیلکەو دار هەبوون، لافاوی ساڵی پار لای دابوون. چیلکە دار و هەندێ پووش و پەڵاشی وشکی کۆکردەوە. دارەگەورەکانی لەسەر بەفرەکە دا نا و پووش و چیلکەکانیش لە سەریانەوە. بەم شێوەیە، ئەو ئاگرەی دەیکاتەوە، ناکوژێتەوە.

شخارتەکەی دەرهێنا و دای گیرساندو نای بە پووش و چیلکە کانەوە. ئاگرەکەی کردەوە و لە کاغەز باشتر دەسووتا. پیاوەکە زۆر بە هێمنی و سەرەخۆ ئیشی دەکرد. هەستی بە مەترسی دەکرد. وردە وردە ئاگرەکە گەشەی سەند و گەورە

بوو، ئەویش چیلکە داری بۆ زیاد دەکرد. لەسەر بەفرەکە دانیشت و چیلکەی لە دارستانەکە ڕادەکێشا و دەیخستە ناو ئاگرەکە. دەیزانی کە دەبێ لەو پلەی حەفتاو پێنجی ژێر سفر ، سەرکەوتوو بێت. پیاو نابێ لە یەکەم هەوڵی ئاگر کردنەوە سەرنەکەوێ. ئەمەش زۆر ڕاستە لەوکاتەی پێی تەڕ بێ. ئەگەر پێ یەکانی وشك بێ و خوێنی جەستەی گەرم بێ، ئەوا دەتوانێ بۆ ماوەی یەك کیلۆمەتر ڕابکات. ئەگەر پێ یەکان تەڕ بێ، لە پلەی حەفتاوپێنج ژێر سفر، بەڕاکردنیش، خوێن گەرم دانایات. هەرچەند خێراتر ڕابکەیت، پێی تەڕ زیاتر دەی بەستێ.

پیاوەکە ئەمانەی هەموو دەزانی. پیرەمێردەکەی ڕوباری سولفەر ئەمانەی هەموو پێ گوتبوو. ئێستا سوپاسی دەکات. هەستکردنی بە پێ یەکانی نەمابوو. بۆ ئاگرکردنەوە دەستە وانەکانی دانابوو. پەنجەکانی زۆر بەخێرایی بەنج بوون. خێرا ڕۆیشتنەکەی شەش کیلۆمەتر لە کاتژمێرێك دا ، دڵی خوێنی بۆ هەموو جەستەی دەنارد. کاتێك وەستا، دڵی لە سەرەخۆ بووەوە ، هەستی بە سەرماییەکی تەواو دەکرد. خوێن لە جەستەیەوە گەڕایەوە ناو دڵی. خوێنی هێشتا زیندو بوو. وەکوو سەگەکە، خوێنی دەی ویست خۆی بشارێتەوە و خۆی دا بپۆشێ، دور لە مەترسی. هەرکاتێك شەش کیلۆمەتر لە کاتژمێرێك دا دەبڕێ ، ئەوا خوێن دێتەوە سەر ڕوی جەستەی. بەڵام ئێستا خوێن گەڕاوەتەوە قوڵایی جەستەی. دەست و پێ یەکانی هەستیان بەوە دەکرد. یەکەم جار، پێ یەکانی بەستی، ئینجا پەنجەکانی دەستی بەنج بوون. بەڵام هێشتا نەیان بەستبوو. لوت

و دەم و چاوی بەستبووی، لەکاتێکدا پێستی هەموو جەستەی سارد بوو بووەوە، چوونکە خوێنی تێدا نەمابوو. خۆی سەلامەت بوو.

پەنجەکانی پێی و لوت و دەم و چاوی سەرما دەیان بات. ئاگرەکە بە هێز بوو بوو، بەردەوام چیلکەداری دەخستە ناو ئاگرەکە. دەی توانی چیلکەداری گەورەش بخاتە ناو ئاگرەکە. ئێستا دەتوانێ دەستەوانە و گۆرەوییەکانی دابکەنێ، تاوەکوو وشك دەبنەوە.دەکرێ پێ یەکانی لە بەفر بخشێنێ و گەرمیان بکاتەوە. ئاگرەکە سەرکەوتوانە پەرەی سەند و ئەویش سەلامەت بوو.

ئامۆژگارییەکانی پیرەمێردەکەی ڕوباری سولفەری بیرکەوتەوە. زەردەخەنەیەك گرتی. پیرەمێردەکە ڕاستی کرد. نابێ پیاو لەو ناوچەیە لە پلەی حەفتاو پێنجی ژێر سفر سەفەر بکات. بەڵام گوێ ی پێ نەدابوو، سەفەری کرد و توشی ئەم نەهامەتیە بوو. بەتەنیا بوو، ڕزگاری بوو. وای دەزانی کە پیرە مێردەکان سەر ژنانەن. ئەوەی گرنگە، پیاو سەری سەلامەت بێ. پیاو ئەو پیاوەیە بتوانێ بە تەنیا سەفەر بکات. خێرا بەستنی لوت و دەم و چاوی سەری سوڕماندبوو. بیری لەوە نەدەکردەوە کە لە وانەیە لە ماوەیەکی کەمدا، پەنجەکانی هەست لە دەست بدەن. هەستی بە پەنجەکانی نەدەکرد.

نەی دەتوانی بە پەنجەکانی چیلکە دارەکان هەڵبگرێ. وا پێدەچوو پەنجەکانی لە دەست دابێ و پەیوەندییان بە جەستەیەوە نەمابێ. کاتێك دەستی بۆ چیلکەیەك دەبرد، دەبوو تەماشای بکات ، بزانێ هەڵی گرتوون یان نا. ئەمانە هەمووی گرنگ

نەبوون، ئاگری کردبوەوە. ئاگر و ئاگردانەکە پەیمانی ژیانیان دەبەخشی. دەستەوانەکانی داکەند، شەختە دای پۆشیبون. گۆرەوییەکانی تاوەکوو ئەژنۆی وەکوو ئاسنیان لێهاتبوو. پەتی بەستنی گۆرەوییەکانی وەکوو تەلیان لێهاتبوو، ڕەق و وشك. بە پەنجە بێ هەستەکانی بەتەکەی ڕاکێشا ، نەی توانی، ناچار بوو بە چەقۆ بی بڕێ.

پێش ئەوەی پەتی گۆرەوییەکەی ببڕێ، درکی کرد کە هەڵەی کردوە. نەدەبوایە ئاگرەکەی لە ژێر دار سنەوبەرەکاندا بکردبایەوە. دەبوو لە دەشتایی بیکردبایەوە. هەرچەندە ئاگر کردنەوە لە ژێر دار سنەوبەرەکان ئاسان تر بوو. چونکە چیلکەکانی لێوە نزیك بوو، دەیتوانی ڕاستەو خۆ چیلکەکان هەڵبگرێ و بیانخاتە ناو ئاگرەکە.

بەفرێکی زۆرلەسەر ئەو دار سنەوبەرەی ئاگرەکەی لە ژێر دا کردبووەوە کۆ بوبوەوە. چەند هەفتەیەك بوو بای نەهاتبوو، لقەکانی دار سنەوبەرەکە لە ژێر قورسایی بەفر ،شۆرش ببوونەوە ، هەرجارەی چیلکەیەکی ڕادەکێشا ، بە هێمنی لە دار سنەوبەرەکەی دەدا. گەرمی ئاگرەکە و ئەو جوڵە بچوکانە ، کارەساتی گەورەی لێ چاوەڕوان دەکرا. بەفری سەر لقێکی دارەکە هاتە خوارەوە و کەوتە سەر لقێکی ژێرەوە. بەفری سەر هەموو لقەکان وردە وردە دەهاتنە خوارەوە. کەوتنە خوارەوەی بەفری سەر لقەکانی دارەکە ، هیچ ئاگادار کردنەوەیەکی لە

گەڵدا نەبوو. لەناکاو، تۆپە بەفرێك هاتەخوارەوە و کەوتە سەر ئاگرەکە، کوژاندییەوە.

پیاوەکە توشی شۆك بوو. هەستی بە مردنی خۆی کرد. بۆ ساتێك دانیشت، تەماشای ئاگردانەکەی دەکرد. زۆر هێمن بوو، لەوانەیە پیرەمێردی ڕوباری سولفەر، ڕاستی کردبێ. ئەگەر هاوەڵێکی لەگەڵ بوایە، توشی مەترسی نەدەبوو. ئەو هاوەڵە دەی توانی جارێکی تر، ئاگرەکە بکاتەوە. ئەمانە هەمووی بە بیری دادەهات. دەستەوەستان دانەنیشت و بیریان لێ بکاتەوە. بەردەوام مێشکی مەشغوڵ بوو.

جارێکی تر بنە ئاگرێکی باشی دامەزراند، لە دەشتایی دا ئاگردانی دامەزراند. لە دەرەوەی دار سنەوبەرەکان. دەستی کرد بە کۆکردنەوەی پووش و چیلکە، پەنجەکانی توانای هەڵگرتنیان نەمابوو. بەڵام کەم کەمە ، دەی توانی چیلکەکان هەڵبگرێ. چیلکە نەخوازراوەکانیشی هەڵ دەگرت. نەی دەتوانی لە مە باشتر کار بکات. زۆر بە وریاییەوە کاری دەکرد. دەی توانی بەباوەش چیلکە گەورەکان هەڵبگرێ و دوایی بەکاریان بهێنێ. هەموو ئەم ماوەیە ، سەگەکە دانیشتبوو تەماشای دەکرد. دڵە ڕاوکێ یەك لەناو چاوەکانی سەگەکە بەدی دەکرا. سەگەکە ، هیوای بە پیاوەکە مابوو، جارێکی تر، ئاگر بکاتەوە.

کاتێك ، هەموو پێدا ویستەکان ئامادە بوون، هەوڵی دا توێکڵی دار لە گیرفانی دەربهێنێ. پەنجەکانی هەستیان نەما بوو، دەیزانی توێکڵی دار لە گیرفانی دایە.

زۆر هەوڵی دا. توێکڵی دارەکەی لە گیرفانی دا پێ نەگیرا. چونکە پەنجەکانی تەزی و پەنج بوو بوون. بە درێژایی کات، دەی زانی، لە هەرساتێك بێت، هەردوو پێ ی دەی بەستێ. ئەمەش وریا بوونەوەیەك بوو.  زۆر بەباشی بۆی دەجەنگا و هێمن بوو.

بەددانەکانی ، دەستەوانەکانی داکەند، دەستی کرد بە جوولاندنی قۆڵەکانی. بە هەموو هێزی، بە دانیشتنەوە، دەستەکانی بەتەنیشتی جەستەی دادەدا. هەستایە سەر پێ و دووبارەی کردەوە. سەگەکە لە سەر بەفرەکە دانیشتبوو، کلکی لەسەر قاچەکانی دانابوو ، بۆ ئەوەی قاچەکانی گەرم داپۆشێ . گوێ گورگیەکانی هێنابووە پێشەوە و تەماشای پیاوەکەی دەکرد. پیاوەکە بەردەوام قۆڵەکانی هەڵەسووڕاند و بۆکسی لەتەنیشتی جەستەی دەدا و تەماشای سەگەکەی دەکرد. چۆن سروشت ئەو پێستە فەروەی بەو سەگە  بەخشیوە و پاراستویەتی.

دوای ماوەیەك  لە بۆکس لێدان لە تەنیشتەکانی جەستەی، تێبینی گەڕانەوەی هەستکردنی لە پەنجەکانی دا کرد. هەست کردنەکە وردە وردە زۆر دەبوو. پەنجەکانی ئازاریان پەیدا کرد، ئازارەکە کێشە نەبوو. دەستەوانی دەستی چەپی داکەند و توێکڵی دارەکەی لە گیرفانی دەرهێنا. پەنجەکانی بە خێرایی بەنج بوونەوە. شخارتەکەشی لە گیرفانی دەرهێنا. سەرما ترسناکەکە ژیانی لە پەنجەکانیدا نە هێشتبوو. هەوڵی دا دەنکە شخارتەیەك جیا بکاتەوە. هەموو

دەنکەکان بەیەکەوە کەوتنە ناو بەفرەکە. هەوڵی دا هەڵیان بگرێتەوە، نەیتوانی. پەنجە مردوەکان، ناتوانن هەست بکەن و هیچ شتێك هەڵبگرن.

زۆر بە وریاییەوە هەڵسوکەوتی دەکرد، بیرو هۆشی لە دەست نەدات. هەموو هەستی تەرخان کردبوو بۆ هەڵگرتنەوەی دەنکە شخارتەکان. دەستەوانەکانی داکەند و هەوڵی دا بە هەردوو دەست دەنکە شخارتەکان هەڵبگرێتەوە. پەنجەی لێوەدان، هەستی پێ نەکردن. تەماشای دەکردن، کۆمێکی هەڵگرت. دیتی تەنها بەفری هەڵگرتووە، هیچ دەنکە شخارتەی بۆ هەڵنەگیراوە. دوای هەوڵدانێکی زۆر، توانی هەڵیان بگرێتەوە. یەك دەنکە شخارتەی بە ددانەکانی جیاکردەوە و خستیە ناو دەمی. دەستە شخارتەکەی خستە ناو کۆشی. بەفرەکە لەناو دەمی توایەوە و دەنکە شخارتەکە لە ناو دەمی دەرکەوت. بیست جار زیاتر، دەنکە شخارتەکەی ناو دەمی لە دەستی خشاند. داگیرسا، بە ددانەکانی گرتبووی. نزیکی کردەوە لە توێکڵی دارەکە بۆ ئەوەی ئاگرەکە بکاتەوە. دووکەڵ چووە ناو لوتی و کۆکی. دەنکە شخارتەکە بەربووەوە ناو بەفرەکە و کووژایەوە.

پیرەمێردەکەی ڕوباری سولفەر ڕاستی کرد. دوای بیرکردنەوەیەکی بێ ئومێد، دوای پەنجا بلەی ژێر سفر، مرۆڤ دەبێ لەگەڵ هاوەڵ سەفەر بکات. هەردوو دەستی لە دەست دا. هەستی پێ نەدەکردن، دەستەوانەکانی داکەند. دەستە شخارتەکەی هەڵگرت و هەمووی بە یەکجار لە ڕانی خشاند. بەیەکجار ، حەفتا دەنکە شخارتە، بوون بە کڵپەیەکی ئاگر. بای نەدەهات ، کڵپە ئاگرەکە

نەکووژایەوە. سەری بۆ لایەك خوار کردەوە، تاوەکوو دووکەڵ نەچێتە ناو لوتی. کڵپە ئاگرەکەی لە توێکڵی دارەکە نزیك کردەوە، تێبینی هەستێکی کەمی لە ناو دەستەکانی دا کرد. دەستی سوتا، بۆنی دەهات. سوتانەکە بوو بە ئازار، کێشە نەبوو. توێکلی دارەکە باش نەدەسووتا، کڵپە ئاگرەکە دەستی سوتاندبوو.

لەوە زیاتر ، خۆی پێ نەگیرا، دەستەکانی جیاکردەوە و کڵپە ئاگرەکە کەوتە خوارەوە، بۆ ناو بەفرەکە. توێکڵی دارەکە ئاگری گرتبوو. دەستی کرد بە دانانی پووش و چیلکە دارەکان لەسەر ئاگرەکە. تەنها ئەو چیلکانەی لە ناو دەستی دابوو. هەندێ گیای سەوز لە ناو چیلەکەکاندابوو، بە ددانەکانی جیای کردنەوە. زۆر بە وریاییەوە ئاگاداری ئاگرەکەی دەکرد. بۆ ئەو ، مانای ژیان بوو، نابێ بکوژێتەوە.

خوێن لە سەر ڕوی جەستەی نەمابوو، لە سەرما هەڵلەلەرزی. پارچە دارێکی گەورە کەوتە سەرئاگرەکە، ئاگرەکەی پەرت و بڵاو کردەوە. هەوڵی دا ئاگرەکە کۆ بکاتەوە، بەڵام نەیتوانی. پەنەجەکانی لەسەرما هەڵلەلەرزین، توانایان نەمابوو. چیلکەکان بڵاو ببوونەوە، هەرچیلکەدارەی هەندێك دوکەڵی لێوە دەهات. ئاگرەکە گوژایەوە. تەماشایەکی دەورو پشتی کرد، سەگەکە لە نزیك پاشماوەی ئاگرەکە پاڵ کەوتبوو. جار جار، قاچێکی بڵند دەکرد، ئینجا قاچەکەی تری.

حیکایەتی پیرەمێردەکەی بیرکەوتەوە، جارێکیان لەناو زریانێك قەتیس مابوو، ئاژەڵێکی کێوی کوشتبوو، چوبوە ناو جەستەی ئاژەڵەکە، بۆ ئەوەی گەرمی

ببێتەوە. ئەویش سەگەکەی بکوژێ ، دەستەکانی بخاتە ناو جەستەی سەگەکە و گەرمی ببێتەوە، ئینجا ئاگرێکی تر بکاتەوە. قسەی لەگەڵ سەگەکەی کرد، هاواری لێکرد بێتەلای. شێوازی بانگکردنەکەی، سەگەکەی ترساند. سەگەکە، هەرگیز ئەم شێوازە بانگکردەی لێ نەبیستبوو. سەگەکە نەهاتە لای. پیاوەکە خۆی دانەواندە سەر ئەژنۆی، بە خشۆلکە بەرەو سەگەکەی ڕۆیشت. سەگەکە زەندەقی چوو، ڕای کرد. بۆساتێك لەسەر بەفرەکە دانیشت. هەوڵی هێمن کردنەوەی دەدا. بە ددانەکانی دەستەوانەکانی داکەند، هەڵسایە سەرپێ، ڕاوەستا. بۆ دڵنیابوون کە ڕاوەستاوە، تەماشایەکی ژێر پێ ی کرد. پێ یەکانی بەستبووی، هەستی بە بوونی زەوی لەژێر پێیدا نەدەکرد. وەستانەکەی، ترسی لە مێشکی سەگەکە ڕەواندەوە. بەدەنگی سروشتی، بانگی سەگەکەی کرد، هات بۆ لای. پیاوەکە کۆنترۆڵی لە دەست دا. قۆڵەکانی بلاّو کردەوە و پەلاماری سەگەکەی دا و گرتی. هەستی گرتنی سەگەکەی نەبوو. پەنجەکانی نەدەچەمانەوە. لەبیری چوبوو کە پەنجەکانی بەستوویەتی.

پێش ئەوەی سەگەکە ڕابکات، باوەشی پێداکرد و گرتی و لە سەر بەفرەکە دانیشت. سەگەکە هەوڵی دەدا لە باوەشی پیاوەکە دەربچێت. ئەمە هەموو توانای بوو، باوەش بەسەگەکەدا بکات. زانی ناتوانێ سەگەکەی بکوژێ. هەردوو دەستی بەستویەتی و توانای هیچیان نەماوە. تەنانەت توانای نەبوو چەقۆکەشی دەربهێنێ. دەتوانم قورگی بگرم، بی خنکێنم. سەگەکە زۆر ترسا، لەباوەشی

پیاوەکە دەرپەڕی. لەدووری سێزدە مەتر لە پیاوەکەوە وەستاو تەماشای دەکرد، گوێیەکانی بۆ پێشەوە هێنابوو.

پیاوەکە تەماشای خۆی کرد، هەتا بزانێ دەستەکانی لە کوێن ، هەستی پێ نەدەکردن. دیتی دەستەکانی هەر بەقۆڵەکانیانەوەن. چاوی بەکار دەهێنا بۆ تەماشاکردنی دەستەکانی. دەستی کردەوە بە جولاّنی قۆڵەکانی بە هەموو توانای بە ڕانەکانی دادەدان. بۆ ماوەی پێنج خولەك بەردەوام بوو. خوێن لەدڵی دا جولاّ، بەلاّم بێسود بوو. ترسی مردن هاتە دڵی. درکی کردبوو لەدەست دانی پەنجەکان و پێیەکانی گرنك نیە، مەرگ نزیك بوەتەوە و گرنگە. لەناکاو دەستی کرد بەڕاکردن بە کەناری ڕوبارەکە و سەگەکەش دوای کەوت. کۆنترۆڵی لەدەست دابوو. بەلاّم وردە وردە هەستی دەکرد شتەکانی دەوروپشتی دەبینێ. کەناری ڕوبارەکە، ڕوبارەکە، دارەکان.

ڕاکردنەکە هەستی باشتر کرد، لەرزینی نەما. ئەگەر بەردەوام ڕابکات، لەوانەیە پێ یەکانی چیتر نەی بەستێ. زیاتر ڕابکات، دەگاتە کەمپەکە و کوڕەکان دەبینێ. بێگومان، هەندی پەنجەی دەست و پێ ی و ڕووی لە دەست دەدات. کوڕەکانی کەمپەکە، گرنگی پێدەدەن و ڕزگاری دەکەن. لەهەمان کاتدا، بیری مردنی بەدڵدا دەهات، هەرگیز ناگاتە کەمپەکە و کوڕەکان نابینێ. ئەم بەستەڵەکە زەفەری پێ دەبات، لە ناوی دەبات. بیرێکی ناخۆش. هەوڵی دەدا ئەم بیرۆکانە پشت گوێ بخات، هۆشی تەرخان بکات بۆ ڕۆیشتن بەرەو پێش. لەلای سەیر بوو کە بەم

شێوەیە و ئازایانە ڕادەکات. لە گەڵ بازدان هەستی نەدەکرد قاچەکانی لە سەر زەوین و جەستەی هەڵ گرتوە. هەستی بەفڕین دەکرد و پەیوەندی بە زەویەوە نەماوە. بیری ڕاکردن، گەیشتن بە کەمپەکە و کوڕەکان ، ناخی هەژاندبوو. کەمی تواناى بەرەنگار بونەوە، چەند جارێك خۆی لە بەربونەوە گرتەوە. ڕزگاری بوو. ئەمجارەیان کەوت و خۆی پێ نەگیرایەوە. ویستی هەڵ بستێتەوە، نەیتوانی. بڕیاری دا دابنیشێ، پشوو بدات، دوایی بەردەوام بێت لە ڕاکردن.

کاتێك دانیشت و پشووی دا. هەستی بە گەرمی و خۆشی کرد. نەدەلەرزی، گەرمییەکی خۆش هاتە ناو جەستەی. دەستی لە لوت و دەم و چاوی دا، هەستی پێ نەکردن. ڕاکردن، ژیان ناپارێزێ. یارمەتی لوت و دەم و چاو و دەست و پێ ی نادات. بە بیری داهات کە لە وانەیە وردە وردە بەستەڵەك بەناو جەستەی دا بلاّو ببێتەوە. دەی زانی ئەم بیرۆکەیە دەی ترسێنێ و ورەی پێ بەردەدات. هەوڵی دا لەبیر خۆی بباتەوە، نەیتوانی، لەترسان دەستی کردەوە بە ڕاکردن و جارجارەش لە سەرەخۆ دەبوەوە و بیری مردن دەهاتەوە مێشکی. خێراتر ڕای دەکرد. هەموو کاتەکە، سەگەکە لە دواوەی ڕای دەکرد. پیاوەکە بۆجاری دووەم کەوت. سەگەکە هاتە پێشی و بەرامبەری دانیشت. هێمنی و گەرمی سەگەکە، پیاوەکەی ڕەنجاندبوو. لە سەگەکە توڕە بوو، گوێ یەکانی پان کردەوە. جەستەی دەستی کردەوە بە لەرزین و سەرما بە توندی زەفەری پێ برد. وردە وردە جەنگەکەی

دژی سەرما دەدۆڕاند. سەرما لە هەموو لایەکەوە دەهاتە ناو جەستەی. نزیکەی سی مەتر ڕای کرد و کەوتەوە.

دواساتی ترسانی بوو. هاتەوە هۆش خۆی و هەناسەیەکی داو کۆنترۆڵی خۆی کرد. بیری لە مردنێکی بەشەرەف دەکردەوە. بیرۆکەکان بە مێشك دا نەدەهاتن. هەستی کرد وەکوو گەمژە، هەڵسو کەوتی کردوە. وەکوو مریشکێکی بێ سەر بە دەورو پشتی دا ڕای دەکرد. دەیزانی جەستەی وردە وردە دەی بەستێ، پێویستە بە هێمنی قبوڵی بکات. بیری نوستنی بە مێشکی داهات. بخەوێ تاکوو مردن. بەستەڵەك هێندە خراپ نیە وەکوو خەڵك باسی لێوە دەکات، گەلێ شێوازی مردنی خراپتر هەیە. بەخەیاڵی داهات، چۆن سبەینێ ، کوڕەکان ، لاشەکەی دەدۆزنەوە.

بەخەیاڵ، کوڕەکانی دی. بە ڕێگادا دەهاتن و بە دوای دا دەگەڕان. تەماشای دەورو پشتی کرد، خۆی دیت، لەناو بەفرەکە درێژ بووە. بەخەیاڵ، خۆی لەناو کوڕەکان دەبینی، لەگەڵیان وەستاوە. تەماشای لاشەی خۆی دەکات، لەناو بەفرەکەدا کەوتوە. هەستی دەکرد کە چیتر خاوەنی خۆی نیە. ڕوحی لە دەرەوەی جەستەیەتی. بەڕاستی سەرمایە. کاتێك دەگەڕێتەوە ئەمەریکا، بۆ خەڵکی باس دەکات، چی جۆرە سەرمایەك بوو.

بیری لە پیرەمێردەکەی ڕوباری سولفەر دەکردەوە. لە بەرچاوی بوو پیرە مێردەکە گەرم و دڵخۆشە و پایپ دەکێشێ. دەچرپێنێ بە گوێ ی پیرەمێردەکەدا و دەڵێ " ڕاستت کرد، پیرەمێر، ڕاستت کرد."

وا پێدەچوو، پیاوەکە چوبێتە ناو خەوێکی خۆش، هەرگیز ، ئەم جۆرە خەوەی نەبینیبێ. سەگەکە بەرامبەری دانیشتبوو. چاوەڕێ ی دەکرد. ئەو ڕۆژە کورتە بە ئێوارەیەکی درێژ کۆتایی هات. هیچ شوێنەواری ئاگر لە ناوچەکە نەبوو. تەنانەت، بە بیری سەگەکەش دا نەدەهات ، پیاو لە ناو ئەو بەفرە دابنیشێ و ئاگر نەکاتەوە. تاریك داهات.

دەبو ئاگر بکاتەوە. پیاوەکە پێیەکانی هەندێك بەرز کرد و دەستی کرد بە گریان. سەگەکە گوێیە کانی پان کردەوە، چاوەڕێ ی نەفرەتی پیاوەکەی دەکرد. پیاوەکە بێدەنگ بوو. سەگەکە نزیك بووە وە و دەستی بە وەڕین کرد. بۆنی مردنی دەکرد، کشایەوە دواوە. کەمێك چاوەڕێ ی کرد. دەستی کردەوە بە وەڕین ، بەرامبەر ئەستێرەکانی ئاسمان، ئەستێرەکان هەڵبەزەو سەمایان دەکرد. لە ئاسمانی سارد، دەدرەوشانەوە. سەگەکە ڕوی وەرگێڕا، بە ڕاکردن، بەرەو کەمپە، ملی ڕێگای گرتەبەر. شوێنی کەمپەکەی دەزانی. خەڵکی لێ یە، خواردنی بدەنێ ، ئاگری بۆ بکەنەوە.......

ئەدەبی ئەمەریکی. ئاگرێك بکەیتەوە کورتە چیرۆکێکی ئەمەریکیە و جاك گریفس لندن نوسیویەتی. نوسەر ڕۆمان نووس و ڕۆژنامەنووس و چالاکوانی کۆمەڵایەتی ئەمەریکی بوو. لە *1876/1/12* لە سان فرانسیسکۆ/کالیفۆڕنیا-ئەمەریکا لە دایك بووە و لە *1916/11/22* لە کلین ئالین/ کالیفۆڕنیا-ئەمەریکا

**له تەمەنی چل ساڵیدا کۆچی دوایی کردووه. نوسەر ئەم چیرۆکەی له ساڵی 1902 وه 1908 به چاپ گەیاندووه.**

**له وتەکانی نوسەر " ئەرکی سەرەکی مرۆڤ ئەوەیه بژی ، نەك بونی هەبێ. هەوڵ نادەم تەمەنم درێژ بکەم . هەموو کاتم بەکار دەهێنم سودی لێ وەربگرم. چاوەڕێ ی ئیلهام مەکه . به دوایدا بڕۆ ."**